**Democratic Women's Union Of Iranian Kurdistan**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**
**ژنانی مافخوازی کوردستان**
**ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

26 ی خەرمانانی 1387ی هەتاوی، 16 ساڵ بەسەر تێرۆر کردنی رێبەری لێهاتووو زانای کورد، دوکتوور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانی: کاك فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵانو نووری دێهکۆردی، تێدەپەڕێت. بە بۆنەی 16هەمین ساڵڤەگەڕی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران یادو بیرەوەری ئەو شەهیدە سەربەرزانە بەرز رادەگرێتو بێزاریی خۆی لە مەڕ ئەم جینایەتە تیرۆریستیـیەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە رێبەرانی حیزبی دێموکرات دەردەبڕیو ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە مەحکووم دەکات.
ساڵی 1992ی زایینی، کاتێك کە رێبەری لێوەشاوەی گەلەکەمان دوکتوور شەرەفکەندی بۆ بەشداریی لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستو چەند کۆبوونەوەی دیکە لەگەڵ کەسایەتیو هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران سەردانی وڵاتی ئاڵمانی کرد، رۆژی 17ی سێپتامبری هەر ئەو ساڵە کەوتە بەر پیلانی لە پێش داڕێژراوی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو لەگەڵ چەند هاوڕێیدا شەهید کران. ئەوەی کە خەمی قورسی لەدەست دانی ئەو پۆلە رێبەرەو بەتایبەت دوکتوور شەرەفکەندی زاناو بلیمەتی کەمێك بۆ خەڵکی کوردستان سووك کرد، بڕیاری مێژوویی دادگای میکونووس لە 10ی ئاڤریلی 1997ی زایینیدا بوو. دادگای شاری بێرلین لە هەڵوێستێکی بوێرانەو ئازایانەدا، رەوتی دۆسیەی تیرۆر کردنی رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رێستۆرانی میکونووس کە نزیك 5 ساڵی خایاند، لە ئاکامدا رێبەرانی پایەبەرزی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەك گەڵاڵە داڕێژو بەڕێوەبەری ئەو تیرۆرە نامرۆڤانەیە ناسندو مەحکوومی کردن. حوکمی دادگای میکونووس بەڵگەیەکی روون و حاشاهەڵنەگرە بۆ سەلماندنی تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی و سیمای شوومو تیرۆریست پەروەرانەی ئەو رێژیمە دیکتاتۆرەی بە دونیای دێموکراتو پێشکەوتوو ناساندو چرایەکی کەسك بوو بۆ دەوڵەتی ئۆتریش کە بێدەنگی لە دۆسیەی تیرۆری د. قاسملووو هاورێیانی نەکات، بەڵام بەداخەوە ئەو دۆسیەیە هەتا ئێستاش نەکەوتۆە بەر لێکۆلینەوەی دادگا.
شەهید کرانی دوکتوور شەرەفکەندی خەسارێکی قورسو کاریگەر بوو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا، چونکە چەند ساڵ بەسەر کارەساتێکی گەورەتری ماشینی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەویش تیرۆری رێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی تێ نەپەڕیبوو کە جارێکی دیکە دوژمنی مافو ئازادییە دێموکراتیك و نەتەوەییەکانی کورد ، واتە کۆماری ئیسلامی زامێکی قەرەبوو نەکراوی دیکەی خستە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا بەم شێوەیە خەڵکی کوردستان چاو ترسێن بکەنو دەست لە خەباتی مافخوازانەیان بەردەنو بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی تێکچوون بکەن. بەڵام

دیتمان کە بیرتیژیو پابەند بوون بە پرنسیپە دێموکراتیکەکانو باوەڕی قووڵو پراکتیکی بە

کاری بە کۆمەڵ کە مێتۆدو بنەمای رێبازی ئەو دوو رێبەرە بلیمەتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رەوشێکی خوڵقاند کە قوتابیانی مەکتەبی دێموکراتی ئەو دوو رێبەر شەهیدە نەمرە نەهێڵن رێبازی ئەوان لاواز بێتو ئاڵای خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران هەر شەکاوە ماوەتەوە.
یادو ناوی دوکتوور شەرەفکەندیی زاناو گەورەمانو کاك فەتاح عەبدولیو هەمایوون ئەردەلانو نووری دێهکوردی هەمیشە بە بەرزیو نەمری دەمێنێتەوەو خەباتو تێکۆشان تا وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوایەتیو دێموکراتیکەکانی شەهیدانی بێرلینو هەموو شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردو کوردستان درێژەی دەبێت.

---

سڵاو لە شەهیدانی بێرلینو گشت شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردستان

Democratic Women's
Union Of Iranian
Kurdistan

یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستانی
ئێران

مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**
**26ی خەرمانانی 1387ی هەتاوی**
**16ی سێپتامبری 2008**